# پـــارتـی و یـــەکـــێتـــی و شـــیـــعـــە

# نابێ بەو سەرکەوتنە دڵخۆش بن



بەڕێزان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی دەنگ بۆ دەستووری عێراق دەدەن

بەگوێرەی ئەو هەواڵ و دەنگوباسانەی راگەیاندرا ، دوێنێ 61% خەڵکی عێراق دەنگیان بە {بەڵێ} بۆ دەستوور دا...ئەو دەستورەی کە تا رۆژێک بەر لەوەی دەنگی بۆ بدرێت تاوتۆ دەکرا و گۆڕانکاری و دەستکاری تێدا دەکرا...بەبێ ئەوەی خەڵکیش پێڕابگەن بیخوێننەوە... ئەگەر باس لەوە بکرێ کە 15550928 کەس مافی دەنگدانی هەبووە لە عێراقدا و نزیکەی سێ هەتا چوار میلیۆن کەسیش لە دەرەوەی عێراق دەژین کە مافی دەنگدانیان نەبووە ئەوا تێکڕای بەشدار نەبوون و دەنگدانی دژ گەلێک زۆرە بۆ ئەوەی ئەو دەستوورە بەو دەنگدانە بەسەر کوردی قوربەسەر و مرۆڤی پێشکەوتووخواز بچەسپێ...من دژی ئەو گروپ و کەسانەم کە خۆیان بە بیری بەعسیانە بەستۆتەوە و دژی دەستوورن یا گروپی زەرقاوی و ئیسلامەسونیەکان و گروپی صەدامی فاشی کە ئەمانە لە بنەڕەتدا دژی پرۆسێسی دەنگدانن و دژی دەستوورن ..ئەوانەی ترنابێ بخرێنە ریزی ئەو گروپانە ، دەبێ ریز لەو کەسانە بگیرێت و هەرکاتێک داواکاریان هەبوو بۆیان جێبەجێ بکرێت...وڵاتێک 40% خەڵکەکەی بەشداری ئەوە نەکات کە دەنگ بۆ دەستووری وڵاتەکەی بدات و زیاتر لە 3 میلیونیش بەبێ ئەوەی مافی هەبێت بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی دیموکرات ، نابێ ببێتە جێگای رەزامەندی و شایی و هەڵپەڕکێی سەرکردایەتی سیاسی ... دەبێ سەرکردایەتی سیاسی دڵخۆش نەبن کە ئەو هەموو کەسە دەنگیان نەداوە...سەرکردایەتی هەردوو زلحیزب دەبێ چاک بزانن پارچەیەکی کوردستان بە زۆر بە عێراقێک دەبەستنەوە و لەمەو دوا باسی داگیرکراوی کوردستان لە بەرنامە و پرۆگرامیان بسڕنەوە...یاری قوماریان لەسەر خاکی کوردستان {کەرکوک و بەشەکانی داگیرکرا وتەعریب کراو}دەبێ ببێتە جێگای رازی نەبوونی خەڵکی کوردستان ، چونکە ئەو خاکە خاکی کوردستانە و جوگرافیای کوردستانە جا با کورد لەسەر ئەو خاکە تەعریب کراو و داگیرکراوە سەدایەک بێت...کورد نابێ بە قسەی سەرکردایەتی بکات و جارێکی تر زمانی عارەبی بکاتەوە زمانی کاروباری دەوڵەت و لە قوتابخانەکان دیسان بە زۆر بەسەر زارۆکی کورد بچەسپێت، ئەوا خۆ هەڵخەڵەتاندنە کە زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عارەبی هاوشانە، تۆ کە کوردی برۆ بەسرا و موسڵ و نەجەف بە کوردی قسە بکە بزانە دیلماجێک یا لێت دەگەڕێن بە

کوردیەکەت بپەیڤی ، خۆ ئەوا هەولێر و دهۆک و سلێمانی نیە هەتا لەگەڵ کرێکارێکی عارەبیش هەموو بە دڵەوە وەڵامی بە عارەبی بدەنەوە و بە عارەبیش مەرامی جێبەجێ بکەن بەبێ ئەوەی لێی بپرسن کاکی برا ئەگەر لە تورکیا یا لە سوید بوای بە عارەبی لەگەڵ خەڵکەکەی دەپەیڤی یا زوو خۆت فێری زمانەکەیان دەکرد هەتا کارت دەست بکەوێت...کوردستان هەردەم باوەشی بۆ ئەوانەکردۆتەوە کە باوەڕیشیان بە مەسەلەی رەوای کورد نیە، ئەوەتا ئەو سەرکردە کۆنە بەعسیانە زۆر بێشەرمانە بە هەست و نەستی ژنە شەهیدی ئەنفاڵ و چەکی کیمیاوی یاری دەکەن و داوا دەکەن لەناو چوونی بەعس دەستی لێهەڵبگیرێ و رێگا بەو بەعسیانە بدرێ کار بکەن کە بەشداری تاوان نەبووینە، ئەرێ بەعس و رژێمی فاشی صدام هیچ جیاوازیەکی هەبوو ئەی ئەوانەی ئەو کارە درندانەیان لە دژی کورد دەکرد ئەندامی سەرکردایەتی ئەو بەعسە نەبوون کە ئەوانە ئێستاکە داوا دەکرێت چاوپۆشیان لێبکرێت...کورد نابێ لەوە پاشەکشە بکات ئەگەرنا دەبێ کەسوکاری 8000 هەشت هەزاربارزانی 180000 سەدوهەشتاهەزار ئەنفاڵ و 5000 پێنجهەزارهەڵەبجە و دایک و باوکی شەهیدانی دەستی بەعس راپەڕن و رێگا نەدەن بە هەست و نەستی ناسکیان یاری بکرێت و ئەو دوو زلحیزبە تاو بدەن و دژیان بووەستن ، ئەگەر رێگا بدرێ حیزبی بەعس لە زیندەبەچاڵی رزگار بکرێت ، ئێستاکەش ئەوا بووە 60ساڵ بەسەر جەنگی جیهانی دووەم تێپەڕدەکات لە ئەوڕوپا بە ناوی نازی و فاشی بە شەرمەزاریەوە خەڵک کار لەگەڵ ئەو حیزب ورێکخراوانە دەکات کە لەسەر ئەو رێبازە دادەمەزرێن . ئەگەرچی جا بۆ دەبێ بەعس وا زوو زیندووبکرێتەوە...پارتی و یەکێتی ئەوەندە پروپاگەندە بۆ یەکبوون ویەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەیان ناکەن ئەوەندە لەگوێی خەڵکیان پەستا کە دەنگ بۆ دەستوور بدرێت...هێشتا فێری ئەوە دیموکراسیەش نەبوونە کە خەڵک بۆی هەیە رای تری هەبێت یەکسەر ئەوانەی دەنگ بە بەڵێ بە دەستوور نەدا بە خۆفرۆش و دژی کوردوکوردستان لە قەڵەم دران...هەروەها سیستانی چۆن توانی خەڵکی بەغدای پێشکەوتوو و خاوەن شارستانیەت و پایەتەختی عەباسی بەپێ خواسی هەتا نەجەف بەپێیان{پیادە} بیان باتە سەر مەرقەدی عەلی بۆ نەجەف ،هەر ئاواش داوای لەو رەشوروتە نەخوێندەوارە کرد دەنگ بۆ دەستوور بدەن ، جا خوێندنەوەی دەستوور و تێگەیشتن و تێنەگەیشتنی چ زیاد و کەم دەکات...نا و هەزارجار نا بۆ ئەو ئاڵایەی عێراقە کە بەخوێنی کورد  و بەخوێنی مرۆڤی پێشکەوتووخواز سوور کراوە...نا و هەزار جار نا بۆ ئەو دەستوورە کە پارچەیەکی خاک و وڵاتەکەم بەو عێراقە دەبەستێتەوە... ئەواتا هەتا ئەمڕۆ بەریتانیا بەبێ دەستوورە کەچی لەو پەڕی دیموکراتیش هەنگاو دەنێ و هەموو کەس بەرامبەر دەوڵەت یەکسانە...

**فــەهــد گــردەوانــی 2005/10/16ستۆکهۆڵم.**